هەرکەسێک واز لە پۆشینی جلی گرانبەها وناوازە بهێنێت بەهۆی سادەبوون لە پێناو خوای گەورە، لەکاتێکدا توانای نرخەکەی هەبێت، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە پێش هەموو خەڵکیدا بانگی دەکات هەتاوەکو بژادەی پێبدات بۆ پۆشینی هەرجلێکی ئیمان (کە بیەوێت)

لە موعازی کوڕی ئەنەسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک واز لە پۆشینی جلی گرانبەها وناوازە بهێنێت بەهۆی سادەبوون لە پێناو خوای گەورە، لەکاتێکدا توانای نرخەکەی (توانای کڕینی) هەبێت، خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە پێش هەموو خەڵکیدا بانگی دەکات هەتاوەکو بژادەی پێبدات بۆ پۆشینی هەرجلێکی ئیمان (کە بیەوێت)».

[حەسەنە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

هەرکەسێک واز لە پۆشینی جلی گرانبەها وناوازە بهێنێت بەهۆی سادەبوون لە پێناو خوای گەورە، ودووربوون لە ڕازاوەیی ژیانی دونیا، ئەگەر هەژاری هۆکاری ئەمە نەبێت؛ ئەوا خوای گەورە لە ڕۆژی قیامەتدا لە پێش هەموو خەڵکیدا بانگی دەکات ئەمیش وەکو ڕێزلێنانێک بۆی، بۆئەوەی بژادەی پێبدات بۆ پۆشینی هەرجلێکی ئەهلی بەهەشت کە بیەوێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5432